ئەگەر پیاو خەرجی بکات لەسەر خێزانەکەی و لەسەر ئەمە چاوەڕێی پاداشت بێت ؛ ئەوا ئەمە چاکەیە بۆی

لە ئەبی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر پیاو خەرجی بکات لەسەر خێزانەکەی و لەسەر ئەمە چاوەڕێی پاداشت بێت ؛ ئەوا ئەمە چاکەیە بۆی».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەگەر پیاو خەرجیەک بکات لەسەر خێزانەکەی ؛ کە خەرجیەکانیان لەسەری واجبە وەکو هاوسەرەکەی ودایک وباوکی ومندالەکانی وهتد، وبەمە نیەتی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە وچاوەڕێی پاداشت بێت ئەوا ئەوەی خەرجی دەکات بەخێر وچاکە بۆی دەنووسرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6460